ئەمینداری گشتی یەکگرتوو پێشوازیکرد لە شێخ جەواد خالسی

ئەمینداری گشتی یەکگرتوو پێشوازیکرد لە شێخ جەواد خالسی.

ئەمڕۆ سێ شەممە (17ـی تشرینی یەکەمی 2023) لە بارەگای خۆی لە ئەنجومەنی جێبەجێکردن لە شاری سلێمانی، سەلاحەدین بەهائەدین ئەمینداری گشتی یەکگرتوو پێشوازیکرد لە شێخ جەواد خالسی و شێخ حامد عوبەیدی و لەمیانەی کۆبونەوەیەکدا تیشك خرایەسەر بارودۆخی عێراق و ناوچەکەو پێویستی کۆدەنگی و یەکڕیزی موسڵمانان بەگشتی و خەڵکی عێراق بەتایبەت بۆ ڕوبەڕوبونەوەی گۆڕانکارییەکان، بەپێی نوسینگەی راگەیاندنی سەرۆکی یەکگرتوو.

لە بەیاننامەکەدا هاتووە، لە بەشێکی دیکەی دیدارەکەدا باس مەزڵومیەتی خەڵکی فەڵەستین و پێویست بونی هاودەنگی سەرجەم موسڵمانان کرا بۆ داکۆکی لە پیرۆزیەکانی موسڵمانان بە گشتی و مزگەوتی ئەقسا و خەڵکی ستەم لێکراوی فەلەستین بەتایبەتی.